# گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لەهەندەران

## باوکە باوکە کوردێکیان گرت !

پێچدانەوەی شەمەندەفەری ناوشار وەک کرمێکی هەزارپێ خویا دکا ، لەسەر جادە و ژێرجادەی شارە گەورەی وڵاتە پیشەسازیەکان خێرا رەوێکی بەسود و هەرزانە ، خزمەت گوزاریەکی شارستانی ، تۆرێکی ئاسانکاری خێرای سبەینان بۆ گەیشتنە سەرکار و خاوی گەرانەوەی ئێوارانە ، پلانکراوی کاتژمێر و خولەکەکان وێرای رووگەی چوون لەگەڵ هاتنەکان روونکراوە . مەرج نی یە خاوەنداریەتی بۆ دەسەڵات یا شارەوانی بێ لەزۆر شوێندا کۆمپانیای بواری تایبەت بەرێوەی دەبا . جگە لەفرۆشگای تایبەتی یا چووکەڵەدوکانی شەکەرات لەزۆربەی وێستگە هەروەها ناو شەمەندەفەرەکان ئامێری تکت فرۆشی هەیە بەپێی دوورتر و ژمارەی وێستگەکان نرخەکەی دەگۆرێ . لەسەر بنەرەتی هەستی بەرپرسیاریەتی و متمانە لەزۆر وڵات بێ پرسگە هاتووچۆ بۆ هەمووان رێگەدراوە . ژمارەیان کەم و دەگمەنە ئەوکەسانەی بەرەش سوار نەبووبن ! خۆ کوردە حەیاتەکەش راهاتووی چاوشارکێی گەر پشکنەری تکتەکانە کە جارجارە لەناکاو بەپۆشاکی ئاسایی خۆیان دەکەن بەشەمەندەفەرەکان کۆنترۆڵی نەفەرەکان دەکەن ، ئەوەی پێ ی نەبێ یا مەرجەکانی تەواوکار نەبێ سزا دەدرێ جا بەپۆست یا بەکاش پارەکەی لێ دەسێنرێ هەربەئامێری ژمێریاری دەستیان کە ناونیشان لەگەڵ نرخی سزایەکەیان بۆدەکەن هەرچەندێک بێ ، بەئاگا یان بێ ئاگا وێنەیەکی خنجیلانەی دیکۆمێنتاری گیراوەکەش دەگرن . بەو رادەیەی نوکتەی رووداوی لەسەرە کاتی کۆچی هاتنە هەندەران لەرێگای ئیتالیا پشکنەرەکە دەگاتە سەر کوردێک داوای بلیتی لێدەکا ، کوردەش بەرزەپێ دەبێ بەرووانینی شڵەژانەوە بێ وەڵام دەوەستێ کابرا تێدەگا هیچی پێ نی یە تومەز زۆری وای بینیوە بەنیشانەی دانیشە تورەیی

بەزمانی نەفرەت و دەم خوارکردنەوەی لاسایی قەشمەری کوردی دەڵێ: کودم پایەم پێ نی یە . ئەو دیمەنانە ڕۆژانە چەندبارە دەبێتەوە لەکاتی گیرانا چاو و ڕوویێکی قایمی خاراوی ڕیسواکردنی دەوێ ، خوویێکی بەد و نافڕەجایە ، دیمەنێکی ناگزور هەروەها وێنەیەکی ناشیرینی نەشیاو لەپێشەنگێکی گەوج و لاسار لەبەیانێکدا بۆ بەدبەختی کەوتە بەرچاوی لاوە کوردەی هەندەرانی خاوەن هەست و سۆزی کوردانە خۆی بۆ نەگیرا بەهاواری دڵتەنگی پێناخۆشبوونەوە بەکوردی باوکی ئاگادارکردەوە : باوکە باوکە کوردێکیان گرت !

دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com